


# فڕینێک بۆ دوور، لەنێو فڕینی دووردا

غازی حەسەن
(ئەمریکا)
( ٢- ٢ )

لە شیعری (پاییز)دا دەبێژێت:

**لە پێدەشتی دوور، دەنگ و هەرایە**
**شەڕی زریان و پووشی دەم بایە**
**دەشت و باغ ڕووت و هەوارگە چۆڵن**
**جێی گێژەڵووکە و ڕێی تۆزوخۆڵن**
**لە دوورانەوە، بۆنی باران دێ**
**بۆی قەوزەی قەدی پیرەداران دێ** (٦٤).

جارێکی دیکەش شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (دوورانەوە) پێمان دەڵێت من بەرەو دووریی ئەوێ دەفڕم و نێو پێوەندی و وێنە جوانەکانی دێهات دەمانگێڕێتەوە، ئەو پێداگرە کە دەگەڕێتەوە، وەک شەتاو بۆ نێو دەشت دێتەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم شاعیر ناتوانێت لەگێڕانەوە و گەڕانەوە و بیرەوەری و وێناکردنەوە نوێیەکانیدا (دەشت و دێهات و شاخ و ماڵە شوان و بۆنی باران و پێدەشت و هەوارگە و ڕێی تۆزوخۆڵ و قەوزەی پیرە داران و سروشتی ئەم نیشتمانە لەبیر بکات)، هەموو هەستەکانی خۆی بەوێدا دەبەستێتەوە.

لە شیعری (ئاوێنەی ئاو) ئەو پێوەندییە ڕوحی و جوانبێژی و لێکدانەوە و ئەشقە دەروونی و جەستەیی و هزرییەی لەنێو ئاودا بەرجەستە کردووە و دەڵێت:

**لەوە دەترسێ ڕێی هەوار**
**کوێر بێتەوە بە بێ ڕێبوار**
**خۆڵەمێشی نێو ئاگردان**
**پەنای گرتووە لە بن بەردان**
**با، توێ توێ دەیلێسێتەوە**
**پشکۆیەک ناگەشێتەوە**

**کانی، ژوانگەی دەشتودەر**
**ئێستە کەسی نایەتە سەر**
**بەچاو، سەرچاوە دەدوێنم**
**تاسەی تەنیایی دەشکێنم**

یان دەڵێت:

**ئێستا چۆنی بە نامۆیی؟**
**کاروان لە من و لە تۆش ڕۆیی!**

ئەمە کە یەکێکە لە دەقە شیعرییە درێژەکانی شاعیر بەم دێڕە کۆتاییە بە هەموو هەست و نەست و وێناکردن و لێکدانەوەکانی بۆ ئەو پێوەندی و تێفکرین و وردبوونەوە هێناوە و دەڵێت:

**بمبەوە جێی لەبیرکراو**
**دنیای زوڵاڵ و پاکی ئاو.** (٧١-١٧٥).

(لەبیر کراو) شوێنێک و کاتێک و مەبەستێکی یەکجار دوورە، چونکە لەبیرکراو هێندە دوورە مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی بگاتەوە ئەوێ، بۆیە (دوور فڕین) و (بردنەوەی بۆ جێی لەبیرکراو) هەمان ئەو وێنە و بیرۆکە و تێڕوانینەمان لا دروست دەکەن، کە شاعیر دەیەوێت دوور بفڕێت، فڕینێک بۆ سبەینێیە، من هەست دەکەم ئەم فڕینە لای شاعیر بۆ گەڕانەوە و دۆزینەوە و گەیشتنەوە دوێنێیەکی دوورە، یان شوێنێکی دوور لەو شوێنەیە کە شیعرەکەی تێدا دەنووسێت، یان لەنێو بیرکردنەوەکانیدا دوورە.

پێدەچێت (هێراکلیتۆس ٥٤٠ -٤٨٠ پێش زایین) پێی وابووبێت، کە گۆڕانکاری و ململانێ تایبەتمەندییەکی ڕاستەقینە و بنەڕەتی و پێویستی گەردوونە و ئەو شتانەی بەیەکەوە گرێ دراون و پێکەوە نین، لە یەکترەوە نزیک و دوورن، بەرێککەوتن هەن و لە ململانێشدا هەن، لە هەر شتێکەوە یەکن و لە هەمان کاتیشدا هەموویان لە یەکن. بەم شێوەیە ئاماژە بۆ دژایەتی، یان جۆرە جیاوازەکانی دژایەتی دەکرێت. وەک نەخۆشی و تەندروستی، سەرما و گەرما، تەڕ و وشک. (جودت شاكر محمود، ٣٠-١٠-٢٠١١، https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=281698).

لە شیعری (سەفەر)یشدا بە شێوەیەکی دیکە هەندێک لە وشە و کەرەستە دیارە بەکارهێنراوەکان، جارێکی دیکە بۆ دۆزینەوەیەکی دوورتر لە واتا و مەبەستە ئاساییەکان بەکار دەهێنێتەوە، لەوانە (خەیاڵ و جۆگەی خوڕم و قەوزە و خوڕە و هاژە و گۆم و چۆلەکە و زام و شەپۆل و تەنیایی..)دا ئەم بەکارهێنانەوەیە، جۆرێکە لە دۆزینەوەی دووری، ئەمانەش لە کردەوەدا بیر و وێناکردنی ئێمە دەگەڕێننەوە بۆ دەشت و شاخ و ئەو ژینگە و شوێنانەی ئاو و باڵندە و دار و قەوزە و جۆگە و گۆمی تێدایە، لای من ئەم وێنە سروشتییەی بناری شاخ و گوندێکی نێو چەم و هەڵواسراو بە شاخەکانەوە، بە جۆرێکی دیکە پرۆسەیەکی دیکەی دوور فڕینە بۆ گەڕانەوە بۆ نێو بیرەوەرییەکان و یادەوەرییەکانی خۆی و ئەوانی دیکەش، بۆیە دەڵێت:

**وەکوو خەونێک،**
**بێخەیاڵ و**
**خولیای فێنکی جۆگەی خوڕم دێتەوە بیر**
**ئێستا بوومە قەوزەی سەوزی مەراق**
**لەسەر گۆمێکی پیر.**
**من بوومەتە**
**پەنگخواردنەوەی ژانی**
**خوڕە و هاژەی جۆبار**
**لە داڵانی خەستەخانەی مەندی گۆمدا**
**هەموو جارێ لەگەڵ باڵەفڕەی چۆلەکەیەک**
**زامی شەپۆل دێتەوە سوێ و**
**دەشکێمەوە بە تەنیایی شینی خۆمدا.** (٧٩).

**فڕین بۆ ئێرە، بۆ نێو بیرەوەرییەکان**

لـە هەمـان شـیعردا ڕاشـکاوانەتر بـەوان دەڵێـت (سـەفەر دەکـەن، بـڕۆن، هـەر دێنـەوە ئێـرە)، واتـە ئـەو ئـەم جارە جێگیـرە، ئەوانی دیکـە دوور دەفـڕن، فڕینـی بـۆ ئەوێـی سـبەینێ و دەڵێـت:

**مەنزڵی من هەر ئێرەیە**
**ئێوە بڕۆن**
**ڕێگا هەتا کوێتان دەبا، بڕۆن**
**ئۆقرە و ئارام و سوکنایی**
**لە سەفەردا هەموو دڕۆن**
**ماندوو دەبن و**
**کە زانیتان سەفەر**
**شەوی**
**درێژی بێ بەیانییە**
**دڵنیام هەر**
**دێنەوە سەر**
**بەردەنوێژی ئەم کانییە.** (٨٠)

دۆخەکـە لـەم دەقـەدا وەک گوتمـان دەگۆڕێت، ئەو لـە شـوێنی خۆیەتی و ناگۆڕێت، وەک ئەزموونداریێک، لەدەنگیـڕا دیـارە بـە (ئـەوان) دەڵێـت (کـە زانیتـان سـەفەر شـەوی درێـژی بـێ بەیانییـە دڵنیـام هـەر دێنـەوە سـەر بەردەنوێـژی ئـەم کانییـە)، واتـە هـەر دوور فڕێنێـک، جارێکـی دیکـە بـەرەو ئێـرە (سـەر بەردەنوێـژی کانـی) دەتانهێنێتـەوە. لـەم وێنـە شیعرییەشـدا نەیتوانیـوە خـۆی لـە کولتـوور و پێکهاتـەی گوند بـەدوور بگرێت، ئەمـە وێنەیەکـی سینەمایی، یـان تابلۆیەکـی هونەرییـە.

لـە شـیعری (هەتـا هەبـم) ڕاشـکاوانە جارێکـی دیکەش بۆ بـەردەم کانییەکـی سازگارمان دەگێڕێتەوە و دەڵێـت:

**شەکەت شەکەت**
**لە سێبەری خەمۆشی پۆلی شۆڕەبی**
**بە ماڵی ڕوونی کانییەک دەگەم**
**بە شێنەیی**
**خەیاڵی تفت و تاڵی تۆزی ڕێگەیەک**
**درێژ و دوور**
**لەدەست و پێم دەشۆمەوە** (١١٢-١١٣)

ئـەوەی دەسـت و پێـی لەنێو ئەم جـۆرە کانییە دوای ماندووبـوون و ڕێگەیەکـی دوور دوور نەشووشـتبێت، یـان لـە دوور ڕێکردنێـک پێیەکانـی ئـارەزووی ئـاوی سـاردی کانیاوێکیـان نەکردبێـت، نازانێـت هەسـت و خۆشەویسـتی ئـاو و خەمڕەوێنـی ئـاو چۆنـە. بـە زمانێکـی سـادە باسـی قووڵتریـن خۆشەویسـتی لەنێـوان سروشـت و مـرۆڤ، ماندووبوون و حەسانەوە، ئـاو و ئارامـی و نیگەرانـی و ئاسـوودەییدا دەکات.

لـە سـتۆکهۆڵم دەقێکـی شـیعری نووسـیوە لـە کۆتاییـدا دەڵێـت:

**سەد بەهارت تێپەڕاند، تۆ چاوەڕوانی چی دەکەی**
**داری خۆزگە، زۆر لە مێژە هەر دەڵێن بەر ناگرێ**
**جۆگەیەک ئاوە ژیان و سێبەری ئێوارەیە**
**زوو وەرە، دەرفـەت کەمـە، پێت وا نەبێ ڕانابرێ!** (٣٩).

لـەم شیعرانەدا وەک ئـەوە وایـە گشـتێکی ئاسـایی بەنـاو سروشـتی پـڕ لـە جۆگـە و دار و کانیـا و بـەرد و ئاسـمان و دەنگـی بـا و ڕەنگـی گـەڵای دار و ئەسـتێرە و شـتەکانی دیکـە بکەیـت. وەک گوتمـان لـە ناسـکترین شـاری دنیـادا، تەنیـا بـەوە ئۆقـرە دەگرێـت و پێمـان دەڵێـت دوای سـەد بەهـار، داری خۆزگەش هـەر بەرناگرێت و ژیان بـە (جۆگەیـەک) وەسـف دەکات، مەبەسـتم ئەوەیـە ئـەو چەنـدە دوور بفڕێت هـەر دەگەڕێتـەوە، وەسفێک کـە تابلۆیەکـی سروشـتی لادێمـان بـۆ دەنەخشـێنێت و زۆربـەی وێنـە شیعرییەکانی شـاعیر بەسـتنەوەیە بـە سروشـتی دەشـت و شـاخ و گونـد و ژیانـی سـادەی کوردەواری. لـە وەسـفی ژیانـدا دەڵێت جۆگەیەکـی ئـاوە و سـێبەری ئێوارەیـە، واتـە زوو تـێ دەپـەڕێت،

بۆیە دەڵێت زوو وەرە دەرفەت کەمە. ئەم زوو وەرەیەش هەر بە فڕین و دوور فڕین ئەنجام دەدرێت.

## ژینگەی فیکری

ئەو کەسێکی چەپخوازی یەکسانیخوازە، لە ڕووی فیکرییەوە بەشێوەیەکی پتەو پێوەندی بە ململانێی چینایەتی و گەشەکردنی کۆمەڵگە و بزاڤی چینی کرێکارانەوە هەیە، کە ڕاستییەکەی کرێکاران لە شار و لەنێو کارگە و لە ئاکامی زێدەبایی و کاری زۆر و هەقدەستی کەمدا نەشونما دەکات، من لە دەقە شیعرییەکانی (ناسری حیسامی)دا بەدەگمەن ئەم دنیایە دەبینم، بەپێچەوانەوە ئەو پتر (وەرزێر و جووتێر و گوند و کانی و جۆگە و ئاگران و کەشوهەوای گوندی و دەشتەوانی و شاخ و ژینگە.. تاد) بەکاردەهێنێت، باسی ململانێی چینایەتی ناکات، بەڵکوو باسی ئەشقی مرۆڤ بۆ بیرەوەری و ناسنامە و ئینتیمای کەسەکە لەگەڵ سروشت و خاک و ئاو و هەوا و ئاگر دەکات.

لە شیعری (وەرزێر)دا لەکۆتاییدا دەڵێت:

**لە ڕێگایەک کە وەرزێر دوور کەوتبۆوە**
**لە ئاورگ و لە کەپری چۆڵ و هەیوانی**
**لە ڕێگایەک هەمووی هەر ڕەنگ و بۆی پاییز**
**لە دەشتی پڕ هەناسە و پڕ لە گۆرانی** (٣٦).

(ئەرستۆ) ئەم ڕەوتەی لە میتافیزیکدا پەرە پێ داوە، بەو پێیەی ئەم چوار توخمە لەنێوان تایبەتمەندییەکانیاندا کارلێک دەکەن و بەم پێیەش هۆکاری سەرما و گەرما و وشکبوونەوە و شێدارین. ئاگر (وشک و گەرم)، ئاو ( شێ و سارد) پێچەوانەن، هەروەک چۆن زەوی (وشک و سارد) و هەوا ( شێ و گەرمی)یان هەیە. ئەرستۆ ڕوونی دەکاتەوە کە شێ کوالیتییەکی هەیە، یان شلە، یان لاستیکییە، ئەمەش ڕێگە بە شتێک دەدات خۆی لەگەڵ بارودۆخی دەرەکیدا بگونجێنێت. لەکاتێکدا وشکبوونەوە سیفەتی ڕەقبوونەوەی تێدایە و ڕێگە بە تەنێک دەدات شێوە و سنوورەکانی خۆی دیاری بکات، کەچی شتە تەڕەکان زیاتر نائارامن و فراوان دەبن، بەڵام دەتوانن بۆشاییەکانی ژینگەی دەرەوەی خۆیان پڕ بکەنەوە، کەچی شتە وشکەکان جێگیر و ڕێکخراون و بەم شێوەیەش بەشێوە دەرەکییەکەی خۆیان دەناسرێنەوە. (https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=281698).

ئاماژە بەو بۆچوونە فەلسەفییەی (ئەرستۆ) و فەیلەسووفەکان بۆ ئەوەیە لە مەبەستی بەکارهێنانی ئەم جۆرە توخم و کەرەستە و کەلوپەلانە بگەین، کە شاعیر وەک کەرستەیەکی شیعری بەکاریان دەهێنێت و توخم و کەرەستەکانیش خودی خۆیان دەگۆڕن و کاریگەریی جیاواز لە هەست و بیرکردنەوەی کەسەکان دروست دەکەن و قەبارە و شێوە و پێوانەشیان دەگۆڕێت، لەکاتێکدا لە شیکردنەوەی دەق و وشە و مەبەستەکان لەوە دەگەین ئەم بەکارهێنانە، واتا و مەبەست و خواست و ئەرکی هەمەجۆریان لەخۆگرتووە. بە ڕوونی و ڕاشکاوی ئەم هەستە بەرجەستە دەکات، کە مرۆڤ هەمیشە لەنێو بیرەوەرییەکانیدا دەژیت و بیرەوەرییەکانیشی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمانێک، کە مرۆڤ تاڵییەکانی لە شیرینییەکانی پترە، لەوێدا پێ دەگات و چاو دەکاتەوە و هەستەکانی گەشە دەکەن.

## فڕین بەنێو ئاودا

بیرەوەرییەکانیش وەک توخمی ئاو و هەوا وان، شل و ڕەقن، گەرم و ساردن، نەرم و توندن. لەنێو دەقە شیعرییەکەدا دەستەکانی جەستەی

ئەشق دەگرن، لەوێدا مێشکی هەست بە ئەشقی ئاو و ئاگر و خاک و بۆن و هەوا دەکات، لەوێدا وەک وەرزێرێک ئەشقێکی هەست پێ نەکراوی لەگەڵ سروشت و جوانی و دەنگ و ڕەنگ و جووڵە و بۆنوبەرامەی ژن و دووکەڵی کوژاوەی ئاگردان و دڵەڕاوکێ و ساتەوەختی داخورپانی ترسی ناخی گورگێکی ڕاوکراو و باڵندەیەکی هێلانە تێکچوو هەیە، بۆیە پەیامی گوتاری دەقە شیعرییەکەی بەم وشانە کۆتایی پێ دەهێنێت (لە دەشتی پڕ هەناسە و پڕ لە گۆرانی).

هەناسە کە بریتییە لە هەوا (شێدار و گەرمە)، گۆرانیش (دەنگ و جووڵە و هەستە)، ئەم توخمە ڕوحیانە، یان، ئەم توخمە بەرجەستە ڕاستەقینانە ئەوەمان بۆ ساغ دەکەنەوە، مرۆڤ لەکاتی پێویستیدا هەمیشە بۆ نێو بیرەوەرییەکانی دەگەڕێتەوە و شتێکی نوێ لەنێو واقیعی ڕاستەقینەی خۆیدا لەڕێگەی بیرهاتنەوەی شتە کۆنەکان دروست دەکات، ئەم شتانەش وەک توخمە ماددییەکان و ئەوەی (ئەرستۆ) شیکاری کردووە دەگۆڕێن و قەبارە و شێوە و دۆخ و پێوانەکانیان دەگۆڕێت. ئەو بە چەندان ساڵ بۆ شوێنێکی دووری وەک ستۆکهۆڵم دەفڕێت، بەڵام بە چرکەیەک لەنێو بیرکردنەوەدا دەفڕێت، دوور دەفڕێت و دەگەڕێتەوە نێو یادەوەرییەکانی. کاتەکە وەک هەوا شێدار و تەڕ و گەرمە، دەگۆڕێت، ئەمەش وەک ئەوە وایە بەنێو ئاودا بفڕێت. ئاو لای شاعیر ئارامییە، چونکە پێوەندیی بە شێدارییەوە هەیە، شێداریش سیفەتی گۆڕانکارانەی هەیە. ئاو دەجووڵێت، قەوارەی دەگۆڕێت، شوێنی جیاواز دەگرێت، بۆیە ئەو خەیاڵەکانی دەباتەوە نزیک ئاو، ئاو وەک سەرچاوەی ژیان، وەک ئارامی و ئاوەدانی و بیرکردنەوەیەکی پڕ جووڵە.

پێوەندیی خۆشەویستی و ئاو لەنێو نەتەوە جیاوازەکانی سەر زەمیندا هەمان واتا دروست ناکات، ئەگەر پێویستی گەلانی نیشتەجێی بیابان و ناوچەکانی باشوور بۆ بەخێوکردن ئەوە بێت، ئاو گرنگی و بایەخێکی جیاواز و زۆری دەبێت، لەچاو پێویستی ئاو لە ڕۆژئاوا و ناوچەکانی باکوور، کە هەمان گرنگی بەدەست ناهێنێت، چونکە خەڵکی ئەوێ کێشەی کەمی بارانیان نییە، بەڵکوو بەدەست بارانبارینی بەردەوام و نەبڕاوەوە دەناڵێنن.

ئاو سیحرەکەی لەدەست دەدات، کە وەک ڕوخسارێک وەسف دەکرێت، یان وەک ڕزگارکەرێک لە تینوێتی نمایش دەکرێت. بەدیهێنانی ئەرکەکانی دیکەی لەسەر زەوی و بەکارهێنانی وەک خەیاڵی شاعیرانە و کاری هونەری، دەتوانێت بەبێ پچڕان وەک فرمێسکێک لەچاوی خۆشەویستەکانەوە دادەڕژێت. لەکاتێکدا بەناو چەمێک، یان ڕووبارێکدا دەڕژێت، بۆ حیسابی یادەوەری نێوان خۆشەویستەکان دەگۆڕێت. ئاگریش هەر وایە، ئاگر ئەشق ناسووتێنێت، لەکاتێکدا ئاگر (وشک و گەرمە)، بەڵکوو وەک بەشێک لە هەست و نەست و گوزارشتی ناوەوەی ئاشقەکان بەکاردێت، ئاگر کەرەستەیەکی پیرۆزە لای هەندێک، سەرچاوەی گۆڕانکاریی ژیانە و بەپێی قۆناغە مێژووییەکان بەکارهێنانی گۆڕاوە. ئاگر ئازار بەخشە، ئاگر سوود بەخشیشە، هەواش هەر وایە و خاکیش مرۆڤ و فیکر و بەردەوامی و ناسنامە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

(ناسری حیسامی) لە شیعری (یارا)دا ئەشق و ئینتیما و بوون و بیرکردنەوە بەم شێوەیە بەم کەرەستانەوە دەبەستێتەوە، کە کەرەستەی سادەی سروشتین و لەکۆنەوە بەکاردێن و مرۆڤ وەک ڕەمز و هێما و نیشانە فیکری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەکاریان دەهێنێت، وەک پێویستی ژیان، وەک هەستی نادیاریی ناوەوە بەکاریان دەهێنێت.

## ئاگر و خۆشەویستی

بەرێککەوتـە، یـان مەبەسـت شـاعیر ئاگـری زۆر لا خۆشـە، جوانـە و ئەشـقئامێزە و مەبەسـتدارە. «هەروەهـا هێراکلیتـۆس بنەمـای یەکەمـی بـوون دەستنیشـان دەکات، کـە ئاگـرە و بەهـۆی ئاگـرەوە هەمیشـە وا دیـارە بـوون لـە دۆخێکـی گۆڕانـکاری بەردەوامدایـە، هەروەهـا ئاگـری لەگـەڵ حیکمەتـدا یەکسـان دەکـرد و پێـی وابـوو ڕوحـی مـرۆڤ دەتوانێـت حیکمـەت بەدەسـت بهێنێـت، چونکـە خاوەنـی موڵکێکـی ئاگرینـی خوداییـە، کـە بـە زیـوس، واتـە ڕوحـی ئاگریـن نـاوی بـردووە و بوونەوەرێکـی زیرەکـە. ڕوحـە فەزیلەتییـەکان بـە وشـکی دەمێننـەوە، لـە مـردن ڕزگاریـان دەبێـت و دەبنـە بەشـێک لـە ئاگـری گەردوونـی». جـودت شـاکر محمـود، ٣٠-١٠-٢٠١١، https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=281698)، بۆیـە بەکارهێنانـی ئاگـر لای شـاعیر، واتـا و ڕەمـز و مەبەسـتێکی جیـاواز لـەو ئاگـرە سروشـتییە لەنێـو دەقـدا دروسـت دەکات و دەڵێـت:

**کوا عیشقێ بە بێ ڕۆندک و بێ دووکەڵی ئاهێ**
**گـەر ئـاوە گـەر ئاگر، چ هەبوو غەرقـی ئـەوەم کە** (٤٣).

لـەم دەقـەدا (عیشـق ڕاشـکاوانە بـە (ئـاو و ئاگر) بەسـتراوەتەوە، چونکـە ئـەو پێـی وایـە هیـچ عەشـقێک بـێ (ڕۆنـدک و دووکـەڵ و ئـازار) نییـە، ئـەم ئازارەش جوانـە، بۆیـە ڕاشـکاوانە داوا دەکات، فەرمـان دەکات، دەپاڕێتـەوە و خواسـتی ئەوەیـە کـە (چ لەنێـو ئاگـر، یـان ئـاو) بێـت غەرقـی بکـەن. مەبەسـتی مـن ئەوەیـە مـرۆڤ لەنێـو هەسـتەکانی خۆیـدا هەمیشـە و هەمیشـە عیشـق وەک (ئـاو و ئاگر) دەبینێـت، بینینێکـی سروشـتییە، گەڕانەوەیە بـۆ سـەردەمانێکی ئێجگار کـۆن و دوور فڕینـە بەرەو ڕابـوردوو و یادەوەرییـەکان، ئـەو سـەردەمانەی کـە ئـەم کەرەسـتانە و دۆزینـەوە و بەکارهێنانیان هێشـتا سـادە و سـەرەتایی بـوون، بـەڵام بەرجەسـتەی بیرکردنـەوە و توانایـی بیرکردنـەوە لای مـرۆڤ و بەکارهێنانێکـی باڵاتـر نیشـان دەدەن و ئێسـتاش ئـەم توخمانـە بـە واتـا و مەبەسـتی جیـاواز وەک هێمـا و نیشـانە و مەبەسـتی جیـاواز لـە خـودی کەرەسـتە ماددییەکـە لەنێـو دەقـی شیعریدا بـەکار دەهێنرێـن.

(ئەناکسـیمێنێس)، هەرچەنـدە زانیارییەکـی کەم لەسـەر ژیـان و بەرهەمەکانـی هەیـە، بـەڵام لەنێوان ساڵانی (٥٨٠-٤٧٥)دا ژیاوە و خوێندکار و هاوڕێی (ئەرسـتۆ) و (ئەناکسـیماندەر) بـووە. بیرۆکەکانـی (ئەناکسـیمێنێس) بـە بەشـداریی لـە گفتوگـۆکان سـەبارەت بـە سروشـت دادەنرێـت. توێـژەران وایان گریمانـە کـردووە لـە قۆناغـی زەمەنیـدا لـە ئەرسـتۆ تـا ئەناکسـیمێنێس گەشـەیەکی بـەردەوام لـە بیری ماددیـدا هەبـووە، ئـەم پەرەسـەندنە سـەبارەت بـە کێشـەیەکی نـاوازە لـەو قۆناغـەدا ئاشـکرا بـوو، کـە بریتـی بـوو لـە لەدایکبـوون و پێکهاتـەی جیهانـی مـاددی. هەوڵـی دا ڕوونکردنەوەیەکـی زانسـتی بـۆ دیـاردەی بـوون پێشـکەش بـکات و گوتـی یـەک جەوهـەری بنەڕەتـی هەیـە ئەویـش هـەوای بێکۆتاییـە، کـە بـە یۆنانـی پێـی دەوترێـت (aer) و بـە واتـای تـەم، هەڵـم، یـان ئـەو هەوایـە دێـت، کـە هەناسـەی پـێ دەدەیـن، ئەمـەش یەکـەم بنەمـای گەردوونـە و هەمـوو شـتەکان لێیـەوە سـەرچاوە دەگـرن و هەمیشـە لـە جووڵەدایـە، شـتەکان ناگۆڕدرێـن مەگـەر جووڵـە نەبێـت. هەمـوو شـتێک لـە هـەوا دروسـتبووە، ئێسـتاش هەمـوو شـتێک لـە هەوادایـە، بـەڵام بـە پلـەی جیاوازی چڕییـەکان، هـەوا بـێ سـنوورە و لـە ڕێگـەی پرۆسـەی دەگمەنبوونـەوە هـەوا دەبێتـە ئاگـر و

لەڕێگەی پرۆسەی چڕبوونەوەشەوە دەبێتە ئاو و زەوی. بنەمای یەکەمی لەگەڵ خوداوەندەکاندا لەڕووی کاریگەرییەوە یەکسان کرد، چونکە هەم بەشێوەیەکی بێکۆتایی و هەم بەشێوەیەکی ئەبەدی ڕوودەدەن. بەم شێوەیە خوداوەندەی یۆنانییەکان تەنیا وەرگیراوەکانی هەوا بوون و بەهەمان شێوە ڕوحی مرۆڤ، یان ڕوحی تاکەکان لە هەوا (هەناسەدان) پێکهاتووە، کە هەموو گەردوونەکەی دەورە داوە. (جودت شاکر محمود، ٣٠-١٠-٢٠١١، https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=281698).

لەبارەی خاکیشەوە لە شیعری (تاسە)دا وەسفی ئینتیما و دووری و تەنیایی و دابڕان لەخاک دەکات و ژمارەیەک وەسفی شاعیرانەی جوانی ئەو پێوەندییە ڕوحییە لەنێوان مرۆڤ و خاک و ئینتیما دەکات، لەوانە (گەرمە برین و زامی گەروو و گڕ و داری غەمناک و لەباغ نییە شوێن و زام) تا دەڵێت:

**سەد زامی ترم لێ بێ، سەد یادی ترم پێ بێ**

**سەد کۆچی ترم ڕێ بێ، ڕووگەی منە ئەو خاکە**

(٤٥).

هەست بەبوونی ئاگری دابڕان و تەنیایی و نامۆیی دەکەیت، هەست بە هەناسەیەکی گەرم دەکەیت، کە شیعری (بۆنی خاک) دەخوێنیتەوە، ئەو وەسفی خۆی دەکات، کە نە سەوزایی وەک جاران گەش و ڕووناکە، نە هەنگاوی پەلەی ماوە، دەنگیشی دەنگی جاران نییە، شووشەی لێوەکانیشی پاک نین تا دەڵێت:

**منم ئێستاو هەموو هیوا**

**من و ئەژنۆیەکی هیلاک**

**من و هەر ئەو جلوبەرگە**

**کە بۆنی تۆی نەما ئەی خاک!** (٦٩).

هەست بە گڕێکی گەرمی دابڕان و نامۆیی دەکرێت، هەست بە هەناسەیەکی چڕ، قورس و ڕاشکاوانە و ئاشکراکردنی ئەو هەستە توند و ڕەقە دەکرێت، کە مرۆڤ بە خاک دەبەستنەوە. ئەو هەر لەگەڵ جلکەکانی خۆیەتی، ڕەنگە مەبەستی جلکی خاکی پێشمەرگایەتی بێت، جلکی نەتەوە بێت، جلکی تێکۆشان و خەباتی چینایەتی کرێکاران و وەرزێران بێت، یان جلکی گوندنشینێکی پێ شەقار شەقار و کچێکی ڕوومەت سووتاوی بەر هەتاو بێت، گرنگ ئەو بە هەستە گەرمە ئاگرینییەکانی بە هەناسە گەرم و توندەکانی دەمانگێڕێتەوە نێو دنیایەکی جیاواز لە ئێستا، دنیای دوێنێ و ڕابوردوو و بیرەوەری.

## دوورفڕین و خۆشەویستی و مارکس

ئێمە دەزانین مارکس گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە فیکری ئابووری و کۆمەڵایەتیی مرۆڤایەتیدا کردووە، یەکێکە لەوانەی دەبێت بەپێی فەلسەفە و تیۆرە فیکرییەکانی بەلای خۆشەویستی و ئیشق و جوانیدا نەچێت و بۆ ئافرەت نەچەمێتەوە ئەو کەسانەن کە فیکری شۆڕشگێڕی و گۆڕانکارییان هەیە، کەچی (مارکس) لە نامەیەکی بۆ (جینی) خێزانی، شاعیرانە و بەزمانێکی ئاشقانە و مرۆییانەی هێندە بەهێز وەسفی خۆشەویستی خۆی و گەورەیی ئەو ئافرەتە دەکات، مرۆڤ لە خوێندەوەیدا هەست بە گەورەیی دەکات، تا دەگاتە ئەوەی بڵێت: «ئەوە خۆشەویستی تۆیە، نەک هی پرۆلیتاریا، منی کردووە بە ئینسانێکی تەواو».

(حەمەسەعید حەسەن)یش هێندە بەزمانێکی پاراوی خۆشی بێ گرێ نامەکەی وەرگێڕاوە، ئەگەر بەکوردیش بنووسرایە بەم شێوەیە کاریگەر نەدەبوو. ئەمە دەقی نامەکەیە:

«نامەی مارکس بۆ (جینی)ی هاوژینی

هەمیشە لە زەینی خۆمدا قسەت لەگەڵدا دەکەم،

دەیشـزانم نـە گوێـت لێـم دەبێـت و نەدەیشـتوانی وەڵامـم بدەیـەوە. بـا وێنەکـەت کـە هەمیشـە لەبـەر چاومـە، شـێواویش بێـت، لای مـن هـەر جوانتریـن وێنەیـە. وێنـەی مەریـەم بە چاوپۆشـین لـەوەی جوان کێشـرابێت، یـان نـا، ئـەو خەڵکـە هـەر کڕنووشـی بۆ دەبـەن، منیش وێنەکـەت بـا تـەواو لـە تـۆی ناسـک و جوانیـش نەچێـت، تۆیـەک کـە هـەر دەڵێیـت بـۆ ئـەوە خوڵقاویـت مـاچ بکرێیـت، هـەر لەبەردەمیـدا دەنووشـتێمەوە.

بـا شـەوانە، تیشـکی چـرا و دووکەڵـی سـیگار، ئـازاری چاویشـم بـدەن، بەڵام هـەر وات دەبینم، وەک لەکنـم بیت و هـەر لـە تەوقی سـەرتەوە، تـا پاژنـەی پێـت، لـە ماچـدا نوقـم دەکـەم. لـە بەردەمتـدا دێمـە سـەر چـۆک و دەڵێـم: خاتوونەکـەم خۆشـم دەوێیـت، خۆشەویسـتییەک گەرمتـر لـە خۆشەویسـتیی ئۆتێللۆ بـۆ دێزدەمونـا. ئـەو دوژمنانـەم کـە بـە عاشـقێکی پلـە یەکـی، شـانۆگەرییەکی پلـە دوویـان لـە قەڵـەم دابـووم گێـل بـوون، تۆزێک هەسـتی قۆشـمەیان شـک بردبـا، تابلۆیەکیـان دەکێشـا، لایەکی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنـان پیشـان بـدات و لایەکـەی تـری، مـن لەبـەر پێـی تـۆدا.

دابڕانـی کاتەکـی بەکەڵکـە، ئاخـر پێکەوەبوونـی هەمیشـەیی، وەڕسـبوونی لـێ دەکەوێتـەوە، ئاخـر قـەڵا لـە دوورەوە بڵندتـر دیـارە و ئەفسـوونی دووری، هێـز بـە خۆشەویسـتی دەبەخشـێت. هەرکـە شـوێن لـە یەکتریمـان دادەبڕێـت، زەمـان ئەڤینـم بـۆ تـۆ بەهێزتـر دەکات، تـەواو هـەر وەک خـۆر و بـاران کـە خزمـەت بـە ڕووەک دەکـەن. کە لە یەکدی دوور دەکەوینـەوە، ئەوسـا حەقیقەتـی ئەڤینـم بـۆ تـۆ، ڕوونتـر دەردەکەوێـت، ئەوسـا دەزانـم چ هەسـتێکی گەرمـم بەرانبـەر بـە تـۆ هەیـە و ئەوسـا تێدەگـەم کـە بـە کۆمەکـی خۆشەویسـتیی تـۆ، پـڕ بـە مانـای وشـەکە ئینسـانم، ئەوسـا هەسـت دەکـەم، ئـەوە خۆشەویسـتیی تۆیـە، نـەک هـی پرۆلیتاریـا، منـی کـردووە بـە ئینسـانێکی تـەواو.

**(*) كارل ماركس، مـن رسـالة ماركس الـى زوجتـه جينـي ٢١ حزيـران ١٨٦٥».**

مەبەسـتم لـەم نامەیـە هەندێـک بـەراوردە لەگـەڵ نێوەرۆکـی دەقـە شـیعرییەکانی (دوور فڕیـم)، کـە پڕیەتـی لـەم جـۆرە گوزارشـتانەی مـرۆڤ بـە خۆشەویسـتی، خۆشەویسـتی بەهەمـوو ڕەهەنـد و جۆرەکانییـەوە دەبەسـتێتەوە.

لەبـارەی ئـازادی دەدوێـت، مـرۆڤ ئـاگای لەخـۆی نەبێـت وا دەزانێـت شـاعیر باسـی وەسـفی دەروونـی دابڕانـی لەگـەڵ ئاشـقەکەی دەکات، کـە دەڵێـت:

**من وەبیرم نایە کەی بوو**
**کامە ساڵی کام سەدە بوو**
**دوایین جارێ لێک دابڕاین**
**نیگەرانی داهاتوو بووین**
**یان بە هیوای دواڕۆژێکی پڕ لە شادی؟**
**ئەمن هەر هێندە دەزانم کە تۆ خۆزگەی هەمیشەم بووی**
**ئەی ئومێدی تا هەتاییم**
**ئەی ئازادی! (٨٧).**

یان دەڵێت:

**گەڵایەک شەپۆل دەبزێوێ**
**دیدەم وێنەی لێ دەشێوێ**
**بەو شەپۆلە، شیرین نیگا**
**دیسان لە ئاوێنە ڕەنجا (٧٥)**

مارکـس لـە نامەکەیـدا دەڵێـت: «ئـەو دوژمنانـەم کـە بـە عاشـقێکی پلـە یەکـی، شـانۆگەرییەکی پلـە دوویـان لـە قەڵـەم دابـووم گێـل بوون، تۆزێک هەسـتی قۆشـمەیان شـک بردبـا، تابلۆیەکیـان دەکێشـا، لایەکی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنـان پیشـان بـدات و لایەکـەی تـری، مـن لەبـەر پێـی تـۆ»..

(ناسری حیسامی)یش دەڵێت (گەڵایەک شەپۆل دەبزێوێ و دیدەم وێنەی لێ دەشێوێ). لای مارکس دوژمنەکانی گەمژەن، ئەگەر نا تابلۆیەکیان دەکێشا (بەشێکی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان بوو، لایەکەی تریشی خودی مارکس دەبوو، کە لەبەر پێی جێنی بووایە).

(شاعیر)یش دەڵێت:

**گەر شادییە گەر ناڵە، گەر نێرگسە گەر ژاڵە**

**گەر شیرنە گەر تاڵە، هەرتک بەری ئەم خاکەن**

(٣٤)

یان دەڵێت:

**تا خەمێک میوان نەبێ، کاری غەزەل سەرناگرێ**

**تا خەزان پرسەی نەبێ، فەرشی خەزەڵ ڕاناخرێ**

.(٣٨)

(مارکس)یش لەبارەی دووری و بیرکردنەوە و وێناکردنی ئەو کاتانەی کەسێک لە خۆشەویستەکەی دوور دەبێت بۆ (جێنی) دەنووسێت: «دابڕانی کاتەکی بەکەڵکە، ئاخر پێکەوەبوونی هەمیشەیی، وەڕسبوونی لێ دەکەوێتەوە، ئاخر قەڵا لە دوورەوە بڵندتر دیارە و ئەفسوونی دووری، هێز بە خۆشەویستی دەبەخشێت». ئەگەر بیر لەچۆنیەتی دروستکردنی وێنەی شیعری و دروستکردنی دۆخ و ژینگەیەکی پڕاو پڕ لە ئەشق، لە (جیاتی دووری و دابڕان) بکرێت ئەو (بوونی خەم و ژان و پرسەی نەبێت) غەزەل سەرناگرێت، (مارکس)یش ئەوە وەها وەسف دەکات، کە قەڵا لە دوورییەوە بڵندتر دیارە. مەبەستم ئەوەیە لە شیکردنەوەی دەقدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دۆخ و دەوروبەری نووسین و وێناکردن و بەرهەمهێنانی دەقەکە لەڕێگەی دەنگ و وشە و ڕستە و کردە و هێما و نیشانە زمانەوانییەکان دروست دەکرێت، ئەمانەش بریتین لە ژیان لەنێو زماندا، بیرکردنەوە لەنێو وشەدا، جووڵە لەنێو دەنگەکانی زمان و واتا لەنێو هێما و نیشانەکاندا. (مارکس) هێندە بە قووڵی چووەتە نێو مەبەست و واتا، دەڵێیت هەر وشەیەکی بەسەد ساڵ هەڵبژاردووە بۆ نووسینی کورتە نامەیەک، کە دەکرێت بە یەکێک لە دەقە دانسقەکان دابنرێت.

(ناسری حیسامی)یش ڕاشکاونە پێمان دەڵێت:

**هەموو سینەم بە عیشقی تۆ، وەکوو کوانوو بڵێسەی بوو**

**کە تینی پێ نەما ئیدی، هەموو هەر خۆڵی بەربایە**

تاکوو دەڵێت: **زمانێکم دەوێ بۆ دوان، کە بانگم کرد بێژی «گیان!»**

**چلۆن بدوێم لەگەڵ خەڵکێک زمانی بێ وشەی وایە.** (٣٣).

لەم دوو دێڕەدا دوو دنیا و وێنەی جیاوازمان بۆ وێنا دەکات، لەکاتێکدا لە یەکەمیاندا سینە و عەشق و بڵێسەی کوانوو و نەمانی تین و بوونە خۆڵی بەربایە، کەچی لەدێڕی دووەمدا زمانێکی دەوێت، بە گیان بانگی بکات و زمانێکی پێویستە تا بتوانێت لەگەڵ خەڵک بدوێت، کە زمانی بێ وشەش وەک خۆڵی بەردەم بایە. ئایا بەڕاستی زمان بێ وشە دەبێت، ئەوە گریمانەی شاعیرە، وەک چۆن (مارکس) دەڵێت «وێنەی مریەم بە چاوپۆشین لەوەی جوان کێشرابێت، یان نا، ئەو خەڵکە هەر کڕنووشی بۆ دەبەن، منیش وێنەکەت با تەواو لە تۆی ناسک و جوانیش نەچێت، تۆیەک کە هەر دەڵێیت بۆ ئەوە خوڵقاویت ماچ بکرێیت، هەر لەبەردەمیدا دەنووشتێمەوە».

(ناسری حیسامی) دیسان لەنێو دنیای ئەشق و خۆشەویستی و ئینتیما و وابەستەبوون بە قووڵایی ئەو شتانەی لەگەڵیاندا دەژیت دەڵێت:

**تۆوی ئاواتی گەلێک چاندبوو وەرزێری ئەوین**

**بەختی نەیکرد، گوڵەگەنمێکی لە خەرمانی نەدی (٥٢).**

**هێندە شیرینە دەمی، گوڵ ئاشقی دوانی دەبن چەشنێ دەڕوا، کەو بە شەیدای ڕۆینی جوانی دەبن. (٥٤)**

بە ڕوونی شاعیر هەموو شتەکان بە کەرەستەیەکی سروشتی و ئاسایی و وەرزێر و گوڵەگەنم و خەرمان و کەو و دەم و گوڵ دەبەستێتەوە، ئینجا کردە و دەربڕین و وێناکردنی وەک (ڕۆینی جوان و شیرن و ئاشق و دوان و ئاوات و ئەوین و بەخت) دروست دەکات، هێندە پابەستە بە چەمکی ئەشق ئاساییە لە زۆر شوێندا ئەم زاراوەیە بەکاربهێنێت، یان هەندێک وێناکردن و شتی دیکە و هێما کە نیشانەی زمانەوانین بەکاردەهێنێت کە واتای ئەشق دەگەیەنن، چونکە ئەو وەک شاعیرێکی چەپخوازی پێشکەوتنخواز لە ئەشق و پێوەندییە ڕوحییەکان و جوانی و پێکهاتەی کۆمەڵگە و خەڵکەکەی دەڕوانێت، لە تێڕوانینەکانیدا واتا و مەبەست و واقیعێکی نوێی جیاواز دروست دەکات، هیچ وشەیەکم نەدۆزییەوە ئەشق لەپێناو گەیشتن بە جەستەی ئەوی دیکە بێت، بەڵکوو ئەشق بریتییە لە فڕین، فڕێنێکی دوور دوور بۆ ئەوێ، ئەشق لەگەڵ شوێنە، لەگەڵ کات و بیرەوەرییەکانە.

لەم دەقەدا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە نێو پێوەندییە بەرجەستەکانی لەگەڵ وەرزێر و خەرمان و گوڵەگەنم، بۆچی؟ ئەو ناگەڕێتەوە بۆ کرێکار و پرۆلیتاریا و کارگەر و بەرهەمهێنان. (مارکس) دەڵێت (خۆشەویستی منی کردووەتە ئینسانێکی تەواو نەک پرۆلیتاریا).

نامەوێت شاعیر وەک پابەستبوونێکی چینایەتی و فیکری لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەراورد بکەم، بەڵام گریمانەی ئێمە ڕەنگە گریمانەیەکی جیاواز بێت و پێمان وابێت ئەوانەی پەیڕەوی فیکرێکی سیاسی و چینایەتین دەبێت دەقە شیعرییەکانیشیان هەمان شێواز و تەکنیک و ستایل بێت و لەگەڵ ئەدەب و ژانری چینەکەی و ئایدیۆلۆژیاکەیان بگونجێت. بۆ نموونە مارکسییەک دەبێت ئەدەبی کرێکاری بنووسێت، ئەدیبێکی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی دەبێت ئەدەبی نەتەوەیی و داکۆکی لە ڕزگاری و مافەکانی جووتیاران بنووسێت، کەسێکی ئایینی ئەدەبی ستایشی ئایینی بنووسێت.

لەم دەقانەی لە نێو دیوانی (فڕینی دوور) دا هەن، ئەوە بەدی ناکرێت شاعیر چەپێکی مارکسی و کرێکاری بێت، نەخێر ئەو هەموو بیرەوەرییەکانی پێوەندی بە ئەشق و جووتیاران و شاخ و دێهات و دەشتاییەکانەوەیە. ئەو ئەشقیش بە واتای بەکارهێنانی (جەستە و جووتبوون و یەکبوونی جەستەیی لەنێوان دوو ڕەگەزدا وەسف ناکات)، بەڵکوو ئەشق واتا و مەبەستێکی باڵاتری هەیە.

(مارکس) لە وەسفی (جێنی) هاوژینی دەبێژێت: «با شەوانە، تیشکی چرا و دووکەڵی سیگار، ئازاری چاویشیم بدەن، بەڵام هەر وات دەبینم، وەک لەکنم بیت». لە کردەوەدا شاعیریش شتەکان و زمان و پێوەندییەکان و وەسفی جوانی و ئەشق و خاک و مرۆڤەکان وا دەبینێت، کە هەموو شتەکان تەنیا ئەو شتانەی چەندان ساڵ پێشتریش بینیونی وەک ئەوەیە ئێستا بیانبینێت و لێی نزیک بن. ئەم هەستە زۆر گرنگە، کە هەم وەسفێکی ئەدەبی و ستایلێکی بەهێزی گوزارشتە لەناخی خودی مرۆڤ، هەمیش وێنەیەکی شیعری و زیهنی بەرز و بەهێز دروست دەکات، کە پڕە لە هەستی مرۆیی و فڕین بەرەو دوورێک لە نێو بیرەوەرییەکاندا.

## به کورتی و پوختی

دەتوانم لە کورتیدا بیبڕمەوە و لەم شیکردنەوەیەدا هەر لێرەدا بوەستم و چی دیکە خوێنەر ڕانەکێشمە نێو چڕی دەقەکە و باسگەلێکی دیکە، کە من پێم وایە دەق هەزار دەرگە و پەنجەری تێدایە، مرۆڤ دەتوانێت لە هەر یەکێکیان بە جۆرێکی جیاواز بچێتە ژوورەوە و لە ژوورەوەشدا تیشکی هەزار ڕەنگ لە وشە و ڕستە و واتا و بەکارهێنانی شتەکان ببینێت، ئینجا لێکدانەوەیان بۆ بکات. لای من (ناسری حیسامی):

**یەکەم:** ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوانە هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت، کە بریتین لە پێوەندییە ڕوحییە جوانەکانی ئەو لەگەڵ دوێنێ، دوێنێ لە شاخ و دەشتاییەکان و گوند و ڕەز و کانی و ئاگردان و وەرزێر و کاری جووتێری، ئەوانەی لەنێو بیرەورییەکانی ئەودا هەمیشە جوانن و پڕ واتا و هەستن.

**دووەم:** ئەو بەشێوازی جیاواز و ستایلی جیاواز شیعر دەنووسێت، لە شیعرە قافیەدارەکانیدا ئاواز و مۆسیقایەکی بەهێز و ورووژێنەر بەدی دەکرێت، لە شیعرە ئازادەکانیشیدا کۆشاوە ئەم ئاواز و ڕەزمە بپارێزێت.

**سێیەم:** ناتوانم دنیای گۆران و مام هێمن لەنێو شیعرەکانیدا بەدی نەکەم، لەخوێندنەوەدا هەست بەم پێوەندییە دەکەیت و هەندێک جار وشەکانیان لێرەن. لە وەسف هێمانە و لە پاییزدا گۆرانانە و لە جوانیدا دەتوانین بڵێین سوودی لە وێناکردنە جوانەکانی (هێدی)ی شاعیریش وەرگرتووە، بەڵام ئەو خۆی جیاوازی و هەست و وێناکردنە تایبەتییەکانی خۆی پاراستووە، ئەم پاراستنی جیاوازییە پێگەی شیعری ئەوی بەهێزکردووە.

**سێیەم:** لەزۆربەی دەقەکاندا گەڕانەوەیەکی ئاشکرا و دیار بۆ نێو گوند و شاخ و ژینگەی جوانی کوێستانەکان و ژیانی وەرزێری بەدی دەکرێت.

**چوارەم:** لە هەندێک شیعردا ژمارەیەک وشە و دەستەواژە چەند جارێک بەکارهێنراون، کە ڕەنگە لەکاتی خوێندنەوەی دیوانەکە بەسەر یەکەوە، ئەمە بە جۆرێک لە دووبارەکردنەوە بچێت، بەڵام لەکردەوەدا بە واتای جیاواز بەکارهێنراون. شاعیر هەستەکانی خۆی وەک خۆی دەنووسێتەوە، بۆیە ئاساییە ئەم دووبارە بەکارهێنانەش ڕووبدات، باشتر دەبوو وانەبووایە.

**پێنجەم:** ئەو زمانەی ئەو پێی دەنووسێت ئەودیوی زمانێکی شیعری و وشەی پڕ لە ئاواز و تەڕ و ختووکەدارە و هەست و نەست و ناخی مرۆڤ دەبزوێنێت.

**شەشەم:** لەچاو تەمەنی ڕۆشنبیری و وەرگێڕاندا شیعرەکانی کەمن، بەڵام بەهادارن.

**شەشەم:** دیوانێکی خشت و مشتە لە جوانیبێژی و وێناکردنی هونەرییانەوە.

**حەوتەم:** لەنێوان دوو فڕیندا یەکەمیان بەرەو (نامۆیی و تەنیایی و لەزەتی بێ تام و بۆنی شار، کە ستۆکهۆڵم)ە، دووەمیش دوور دەفڕێتەوە بۆ ئەوێ، ئەوێی نێو بیرەوەری و ڕابوردوو لە (بناری شاخ و دەشتاییەکان و ژینگەی وڵاتدا).

**هەشتەم:** خۆی خۆی دەنووسێتەوە و خۆی بیری نێو بیرکردنەوەکانی وێنا دەکاتەوە و بیر دەکاتەوە و خۆی بیری خۆی دەهێنێتەوە، ئینجا شتەکان بیری ئێمەش دەهێنێتەوە، لەم فڕینەدا لەڕێگەی وشەوە دەیەوێت ئێمەش بەشداریی فڕینەکەی ئەو بکەین.

**نۆیەم:** ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی من بۆ گوتاری شیعری لای ناسری حیسامی، نەک تێگەیشتن و تێڕوانین و مەبەستەکانی ئەو لە بەرهەمهێنانی دەقدا. من بوومەتە بەشێک لە دەقەکانی ئەو، چونکە من هەنووکە خوێنەری ئەو دەقانەم.

**سەرچاوەکان:**

**ناسری حیسامی، فڕینی دوور، شیعر و گێڕانەوە، وەشانخانەی ٤٩ کتێبی سوید، ٢٠٢٣.**

**جەلال بەرزنجی، لەسەمای بەفری ئێوارانەوە بۆ هەردەمەی لە شوێنێک هەمیشە لە ماڵەوە!، دەزگای فام، هەولێر چاپی یەکەم، ٢٠٢٣،**

**شاخەوان سەدیق، خەبات عارف: دوای گۆران هەمووومان پێکەوە شیعرمان خراپ کرد، ڕووداو، ١٦-٢-٢٠٢٢، -https://www.rudaw.net/sora (ni/culture/literature/160220203).**

شوقی بزيع، الحب كتضافر خلاق بين عنصري الماء والتراب وامته الاساطير والكتب المقدسة والفنون مع الخصوبة وتفتح الحياة، جريدة الشرق الاوسط، ٣٠ يناير https://aawsat.com/% D8%AB%D9%82%D8%A7%D9%81 (%D8% ).

**حەمەسەعید حەسەن، ئاگری بێ دووکەڵ، ڕۆژنامەی هەولێر، https://hawlerweb.net/ (/opinion/2023/08/61700).**

محمد سبيلا وعبدالسلام بنعبد العالي، اللغة، دار توبقال للنشر، المغرب، ٢٠١٠.

جودت شاكر محمود، الشخصية الانسانية وفق مبدأ العناصر الاربعة، الحوار المتمدن، ٣٥٣١ ٣٠-١٠-٢٠١١، https://www.ahewar.org/debat/ (show.art.asp?aid=281698